# ( ساڵی کچە هەرمەنی )

## لە رۆژنامە ئەوروپیی و ئەمەریکییەکانـدا

### گێڕانەوەیەکی بەڵگەنامەیی



پرۆفیسۆر دکتۆر یاسـین سەردەشـتی

بەشی مێژوو/ زانکۆی سلـێمانی

**پێشەکیی:**

سالّی کچە هەرمەنی، سالّێکە لەیادەوەری کۆنی خەڵکی سابڵاغی موکریدا(مەهاباد) چەسپاوە، ئەو سالّەی کە دەکەوێتی کۆتایی قۆناغی دەسەڵاتداریێتیی ناسڕەدین شای قاجارو تێیدا سابڵاغ بەهۆی رووداوێکی کۆمەڵایەتییەوە کە چیرۆکی عەشق و خۆشەویستیی نێوان کچە ئینگلیزێکە بەناوی (میس گرینفیڵد)، لەگەل کوڕە کوردێك بەناوی (عەیز)، تووشی ئاڵۆزیی گێژاوێکی سەیرهات و بەدرێژایی نیوەی ئەو سالّە، دۆخێکی نائاسایی و شڵەژاوی بەخۆیەوە بینی.

شایەنی باسە، تەشەنەسەندنی ئەم رووداوەو وەرچەرخانی بە شێوەیەك کە لێکەوتەی سیاسیی و یاسایی و دپلۆماسیی لی بکەوێتەوە، بۆ ئەو دۆخە هەستیارە دەگەڕێتەوە کە ئێران و سیاسەتی هەرێمیی و جیهانیی لەناوچەکەدا پێدا تێدەپەڕی. سەردەمی ناسڕەدین شا (١٨٤٨-١٨٩٦) ، بەتایبەت دوا سالّەکانی حوکمڕانیی، سالآنێك بوو کە دۆخی نێوخۆی ئێران لەسایەی هاتنەناوەوەوی نفوزی بێگانەو کۆمپانیا بازرگانییە بریتانیی و ئەروپییەکان و خێرابووونی پرۆسەی مۆدێرنەو لاوازیی پایەکانی دەولّەت و خراپیی گوزەرانی ئێرانییەکان و پەرەسەندنی دژواریی و گیانی رقلێبوونەوە لە بێگانەکان و پەرەگرتنی ناڕەزایەیتیی رۆحانییەکان و بازرگانان، هەتا دەهات نالەبارتر دەبوو، لەولاشەوە، واتە لەبەری رۆژئاوای ئێرانەوە، عوسمانییەکان هەمیشە لەهەولّی قۆزتنەوەی ئەو دۆخە بوون بۆ دەستێوەردان و نزیکبوونەوە لە رەگەزە ناڕازییەکان، بەتایبەت کوردان، کە لەرووی مەزهەبەوە پێچەوانەی تاران و هاوشێوەی ئەستەمبوڵ، سونیی بوون.

لەڕاستییدا، من بۆخۆم یەکەمجار ئەم رووداوەم لە بیرەوەرییەکانی (اعتماد السلطنه) دا، خویندۆتەوە، ئەوەی کە بۆماوەیەك لەسەردەمی ناسڕەدین شادا وەزیر بووە، ناوبراو بەچەند دێڕێك لەبیرەوەرییەکانیدا، کە دواتر لەلایەن ئیرەج ئەفشارەوە بەکتێب بڵاوکراوەتەوە، لەباسی سالّەکانی زیلحیجەی ١٣٠٨ و موحەرەمی ١٣٠٩ی قەمەریدا کە دەکاتە جولآی و ئوتی ١٨٩١ی زاینی، ئاماژەی بە نیوەرۆکی



چیرۆکەکەداوە، بەڵام بەلای وردەکارییەکانیدا نەچووەو درێژەی نەداوەتێ.

بێگومان هەواڵەکان و زانیارییەکانی ئەم رووداوە لەلایەم رۆژنامە بریتانیی و ئەمەریکیی و ئەوروپییەکانەوە تۆمارکراوە، ئەوانەی هەر لەیەکەم رۆژەکانی رووداننییەوە بەمانشێتی تایبەت و سەرنجڕاکێش لاپەڕەی رۆژنامەکانی خۆیان پی پڕکردۆتەوە، ئەوەی ئیمە بەپیویستمان زانی بەوردیی بەدوایاندا بگەرێین و بەگوێرەی پەرەسەندنی رووداوەکە رێکیان بخەین و وەریانگیرێن بۆ زمانی کوردیی، بۆئەوەی راستیی رووداوەکەو وردەکارییەکانی، کە لەراستییدا بەشێکی شاراوەو تەمومژاویی و نادیاری مێژووی کوردە، بۆ خوینەران و بایەخدارانی مێژوو، ئاشکراو روون بکەینەوە .

خوێنەری ئازیز. پێویستە بوترێت کە کوردستان لەسەدەی نۆزدەیەمدا، رووداوگەلێکی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە کە زۆربەیان تا ئێستا نەزانراون و ئاوڕی جدییان لێ نەدراوەتەوە، ئەوانەی تا ئێستا لەئەرشیف و رۆژنامە مێژووییەکانی وڵاتانی بێگانەی هەرێمیی و ئەوروپیی زلهێزدا هەڵگیراون و چاوەڕێی هیمەتی کەسانێکن ئاوڕیان لێ بدەنەوەو نیوەرۆکەکەی رابگوێزن، ئەوەی ئێمە ماوەیەکە بێ هاوکاریی هیچ کەس و لایەنێك، وەك ئەرکێکی سەرشانمان بە جدیی پێیەوە خەریکین و تا بتوانین لەم بوارە گرنگە درێغیی ناکەین. بەهیوای سەرکەوتنی هەمووان.

**پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی**
**کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**بەشی مێژوو / زانکۆی سلێمانی**

## هەواڵی ڕفاندنی کچە ئینگلیزێك لە کوردستان

ڕۆژنامەی ئەمەریکیی (FORT WORTH GAZETTE) کە لە ٢٤ی جونی ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەواڵێکی سەبارەت بە ڕفاندنی کچە ئنگلیزێکی چواردەساڵ بەناوی " کاتی گرانفیلد تێنن" لە باڵیۆزخانەی تورکیی لە شاری ساباڵاغ (مەهاباد) لە پێرشیا (ئێران)، لەلایەن دەستەیەك کوردی چەکدارەوە وەك ئاڵنگارییەك بۆ کونسوڵی ئینگلیز، بڵاوکردۆتەوە.

شایەنی باسە، دواتر لە ٢ی جولای و ٣ی جولای ١٨٩١دا، هەر یەك لەڕۆژنامەی (Brenham Weekly Banner) بە ئینگلیزیی و (Hermanner Volksblatt) بە ئیسپانیی، ئەم هەواڵەیان بڵاوکردۆتەوە.



...cated by Bishop Chotard for giving a Sunday excursion with beer and dancing.

A construction train was derailed at Million, four miles from Richmond, Ky. Four colored men were killed, six wounded and Conductor Stevens was seriously injured.

W. H. Jenkins, a telegraph operator of New Orleans, who was on a visit for the past two weeks to relatives at Montgomery Ala., droped dead of appoplexy yesterday.

Last Sunday morning Henry Jones, a negro who resided twelve miles from Hamburg, the county seat of Ashley county, Ark., was lynched. Jones had murdered his wife.

The discovery that the Chicago and Erie and Baltimore and Ohio have made a 27-cent rate on grain from Chicago to Savannah is causing some uneasiness. Some predict a rate war.

The Chicago Farmers' Review reports wheat in fine condition in nearly all sections of the country. Corn is generally reported improving in condition and promising fair to average crops.

A band of armed Kurds are holding an English girl aged fourteen, named Katie Greenfield, Tenn., who was abducted at the Turkish consulate in Ioujbolak, Persia, in defiance of the English consul.

At Kansas City the Missouri river has fallen six inches since Monday night. Specials received from Sioux City and St. Joseph state that it is falling at both places. A further rise is not feared now.

At Hugoton, Kan., yesterday Col. S. N. Wood, one of the most noted men in Western Kansas, was brutally murdered by James Brennan. The murder resulted from the notorious Stevens county seat war.

At Bordeaux, France, the horse-car service is suspended pending a strike. Several petards were thrown in the streets yesterday, causing alarm. Conflicts occurred between the gensd'armes and rioters. Many gensd'armes were injured.

The supreme court of Indiana yesterday rendered a decision to the effect that German must be taught in the public schools when a petition signed by twenty-five or





to average crops.

A BAND of armed Kurds are holding an English girl aged fourteen, named Katie Greenfield, Tenn., who was abducted at the Turkish consulate in Ioujbolak, Persia, in defiance of the English consul.

THE Supreme Court of Indiana has just rendered a decision to the effect that German must be taught



sein. Häuser, Straßen, Brücken, Mauern, Vieh und Ernte sind fortgeschwemmt, und die unglücklichen Bewohner stehen am Rande der Verzweiflung.

Aus dem Rheingau laufen unausgesetzt ungünstige Nachrichten über den Stand der Weinberge ein. Die Regengüsse der letzten Tage haben selbst die Aussichten auf eine mittelmäßige Weinernte noch mehr herabgemindert.

Mit jedem Tage mehren sich die Hiobsbotschaften über die durch Ungewitter

رۆژنامەی ئەمەریکیی (THE NORNING CALL) کە لەبەرواری ٤ی ئۆکتۆبەری ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بابەتێکی تێدایە لەژێر ناونیشانی " سوپایەك بۆ رزگارکردنی کچەکە نێردراوە. میس ئامیلیا گرینفیڵد کە لەلایەن کوردانەوە فڕێندراوە." زانیاریی زیاتری لەبارەی رووداوی فڕاندنی کچە ئینگلیزەکە لە سابڵاغ (مەهاباد)ی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، ئەو بابەتەی کە دۆخێکی ئاڵۆزیی و هەستێکی خراپی هێناوەتەئارا و فڕێنەران پێویستە سزا بدرێن.

وادیارە، ئەم رۆژنامەیە هەواڵەکەی لە رۆژنامەی ( NEW YORK SUN) ەوە وەرگرتووە، ئەوەی بەودواییە، بەدواداچوونی بۆ کەیسەکەی میس گرنفیڵدی کچە گەنجە ئینگلیزەکە کردووە، ئەوەی کە ماوەیەك پێشتر لە مانگی مایۆدا لەلایەن کوردانەوە لە ئەرمینیا فڕێندراوە.

هەواڵەکان لەتارانی پایتەختی ئێرانەوە گەیشتوونەتە ئەستەمبوڵ، کە هیزێکی ١٠٠٠٠کەسی لەلایەن شاوە فەرمانی پێدراوە بەرەو سابڵاغی کوردستانی ئێران بجووڵێت بەئامانجی رزگارکردنی میس گرینفیڵد و سزادانی تاوانکاران لەهەرکوێ ببینرێن، هەروەها بۆ داگیرکردنی خاکی تورکیش گەر پێویست بکات و دوای هەموو ئەوانە بکەوێت کە لە تاوانی فڕاندنەوەکەوە گلاون.

هەواڵەکان کاریگەرییەکی زۆر سەرنجڕاکیش و مەزنیان لەسەر خەڵکە موسوڵمانەکە بەجێهێشتووە، ئەوانەی پێیانوایە ئیسلامەتیی لەکەداربووەو ئیدی کاتی راگەیاندنی جیهاد هاتووە. فاکتەکانی کەیسەکە بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە:

زنجیرە چیایەك لە ئەرمینیا هەیە کە لەمیۆپۆتامیاوە بەرەو ئازەربایجان لە ئێران درێژ دەبێتەوە، کە دانیشتووانەکەی لە رەگەزیکن کوردیان پێ دەوترێت، بەوەش ناوچەکە بە کوردستان ناودەبرێت. بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەکەوێتە هەرێمی ئازەربایجانەوە و بەسابڵاغ دەناسرێت، ئەوەی شارێك پایەتەختەکەیەتی کە هەمان ناوی



هەیە. هەرێمەکە لەژێر فەرمانڕەوایەتیی ئەمیر نیزامدایە، کە حوکمی ئەوێی بەمیرات لە ئێرانییەکانەوە پێ سپێردراوەو لەتەبرێز دەژی.

کوردانی ئێران شیعە مەزەب نین و وەك تورکان وشکە سونەن، لەنیوان ئەو دوو مەزەبە پێکدژیی و ناکۆکییەکی بەرچاو هەیە. بەوەش کوردان دۆستایەتیی و هاوسۆزیی زیاتریان لەگەل تورکان هەیە تاکو لەگەڵ ئەوانەی پێکەوە لەوڵاتێکدان کە ئێرانییەکانن. کوردان لەکۆمەڵێك خێل و عەشیرەت پێکدێن کە هەریەکەیان سەرۆکی خۆی هەیە، هەر چەندە بەفیترەت توندو دڕن ، بەڵام کوردانی ئێران وەك ئەوانەی تورکیا شەرەنگێزو جەردە نین، چونکە بەدەشتی بەپیت دەورەدراون کە بەروبوم و میوەی زۆری هەیە.

بازرگانی کوردان بەدەست ئەرمەنیی و ئێرانییەکان و هەندێك لە ئەورووپییەکانەوە جێماوە، ئەوانەی هەروەها لە کشتوکاڵدا یارمەتی کوردان دەدەن لەرێگەی پێدانی پارەوە، یەك لەوانە پیاوێکی ئنگلیز بوو بەناوی ئیساك گرینفیڵد، ئەوەی کە لە سابڵاغ بنەی داناو بووە موڵکدار. ئەم پیاوە ئینگلیزە، ژنێکی ئەرمەنیی لەتەبرێز هێنابوو، ببووە خاوەنی سێ کوڕو چوارکچ. هەموو ئەوانە هاوسەرگیرییان بە باشیی کردبوو، ئەوەی مابۆوە کچە بچووکەکەیان، ئەمیلیا بوو، کە تەنیا شازدەساڵی تەواو کردبوو، تاکو ئەو دواییەش لەگەڵ دایکی دەژیا. میستەر گرینفیڵد، چەند ساڵێك بەر لەئێستا مردو موڵك وماڵەکەی بۆ ژنەکەی جێهێشت.

هەرچەندە میسس گرینفیڵد دانیشتووی تەبرێز بوو، بەڵام زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ کچەکەیدا لە سابڵاغ بەسەردەبرد. موڵك و زەوییەکانی لەبەرامبەر موڵکی ئەحمەدبەگ بوو، کە سەرۆکیکی کورد بوو. ئەحمەد بەگ کوڕیکی هەیە، کە ماوەیەکی زۆر عەوداڵی جوانی ئەمیلیا ببوو، هەربۆیە بڕیاریدابوو بەهەر شێوەیەك بووە بەدەستی بهێنێت، ئەو کە وەك موسوڵمانێك و وەك کوردێك پەروەردە ببوو، بەلایەوە مافیکی سروشتیی بوو کە کچێکی کریستیانی بڕفێنێت. هەربۆیە هاتەسەر ئەو باوەڕەی پلان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی دابنێت، ئەویش لە رێگەی رێکەوتن و هاوکاریی ژنێکی کوردەوە کە

لەلای میسس گرینفیلّد خزمەتکاربوو. ئەم ژنە لە کاتێکدا دایکی کچە لەماڵ نەبوو، کچەکەی هەڵفریوانبوو لە کێڵگەکە پیاسەیەك بکات، زۆری نەخیاند، پاش ئەوەی گەیشتنە نزیك کەناری جۆگەکە، دەستەیەك سوارە بۆی دەرپەڕین و پڕیان پێداکرد وبردیان.

دایکی کەوتە سۆراخ و گەڕان، بەڵام هیچ زانیارییەکی لە ئەندامانی خیزانەکەیەوە چنگ نەکەوت، ئەو بەدڵەڕاوکێوە تاکو نیوەشەو چاوەڕیی کچەکەی کرد، کاتێك گومانی لەبەزمێك پەیداکرد، چەند سوارێکی نارد بۆئەوەی بەدوایدا بگەڕێن. بەڵام ئەوان بەیانی گەڕانەوەی بێ ئەوەی مژدەی هینانەوەی کچەکەی بدەنێ. هەربۆیە میسس گرینفیلّد، مەسەلەکەی خستەبەردەم جیگری فەرماندار کەلە شوێنی ئەمیر نیزام دانیشتبوو. هەروەها بەتەلەگراف پەیوەندی بە کۆمسوڵی بریتانیی لەتەبرێزو و هەروەها ئەمیر نیزامەوە کرد.

ئەوەی دواییان، واتە ئەمیر نیزام، دەستبەجێ فەرمانی بە جێگرەکەی کرد لە سابڵاغ، کە بەخێرایی بەدوای کچەکەدا بگەڕێن و بیدۆزنەوەو هەموو ئەوانەی ئەو کارە دزیوەیان کردووە بگیرێن و رەوانەی تەبرێز بکرێن. لەوەڵامی ئەم فەرمانە، ئەمیر نیزام ئاگادارکرایەوە کە فڕێنەرەکان خەڵکی کوردستانی تورکیین و کچەکەشیان بۆ نێوخاکی تورکیی بردووە، کە جێگری فەرماندار هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا ناشکێ، بەلام ئەمیر نیزام زۆر بەئاگابوو کە فڕێنەرەکە کوڕە بەدناوەکەی ئەحمەد بەگە کە رەعییەتی ئێرانە، هەربۆیە فەرمانێکی فەوری دەرکرد بۆ سەرۆکە کوردەکان، کە یان ئەوەیە خێرا کچەکە گومبووەکە دەدۆزنەوە، یان ئەوەی هەموویان دەبێت راپێچی تەبرێز بکرێن.

سەرۆکە کوردەکان بەم فەرمانە داچڵەکین و سروشتی ملهوڕیی ئەمیرنیزامیشیان دەزانی، هەربۆیە پێکەوە کۆبوونەوەو دوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، راپۆرتیکیان ئامادەکرد کە تیێدا وتبویان کە ئەوەی روویداوە مەسەلەی فڕاندن نەبووە بەڵام کچەکە بەویست و ئارەزووی خۆی ئازادانە هەڵاتووەو بۆتە موسوڵمان و بۆتە ژنی موسوڵمانێك. هەربۆ جەختکردنەوە لەناوەرۆکی بەیانەکەیان، کوردانی



کوردستانی تورکیا، لەکۆنسوڵخانەی تورکیی لە سابڵاغ کۆبوونەوە، پشتگیریی خۆیان لە مێردی کچەکە پێشانداو داوای پاراستنیان لەو ئاڵایە کرد کە مانگ و ئەستێرەکەی پێوەیە (واتە دەوڵەتی عوسمانی)، ئەوان وتیان کچەکە ئینگلیز نییەو ئەرمەنییە.!

هەواڵەکە لەسابڵاغەوە وەك بروسکە بە نێو تەواوی کوردی سونەدا بڵاوبۆوە، ئەوانەی چەکیان لەشانکردو سواری ئەسپەکانیان بوون و بەرەو لای کۆسنوڵخانەی تورکیی جمان و بەناوی سوڵتانەوە داوای پاریزراوییان کرد، ئەو سوڵتانەی کە خەلیفەی هەموو موسوڵمانە راستیینەکانە. تۆما ئەفەندی کۆنسوڵی تورکیی لەمەهاباد کە ئاسورییەکی کریساتییانە، تەلەگرافی بۆ بەهجەت بەگی سەرکونسوڵی گشتیی کرد لەتەبرێز، داوای فەرمانی لێکرد، بەهجەت بەگیش وەڵامی تەلەگرافەکەی دایەوە، کە پیویستە کچەکە لەهەموو مەترسیی و ئازارێك بپاریزرێت.

کاتێك ئەم فەرمانە گەیەنرایە حەشاماتەکە، هەموویان سویندیان خوارد تۆڵە لە کۆنسوڵ بکەنەوەو وتیان : هێی گاوری نەفرەتی ، تۆئەوەنەی خەمی هاوئاینە کریستیانییەکەتە ئەوەنە خەمی رەعیەتە موسوڵمانە باوەڕدارەکەی سوڵتانت نییە، کە تۆ خزمەتکاری ئەوی، لەسەر ئەمە دەبێت پارچەپارچە بکرێیت.

تۆما ئەفەندی هەڵاتو خۆی هاویشتە بنکەی فەرمانداەوە، حەشاماتی کوردیش قەستەسەر بەدوایەوە بوون. فەرماندار بەری پەلامارەکەی پێگرتن و تەلەگرافی بۆ ئەمیرنیزام کرد.

هەمانکات، دایکە خەمبارەکەی کچەکەش دەستەوسان دانەیشت، ئەو چووە تەبرێزو چاوی بە کونسوڵی بریتانیی کەوت و تەلەگرافیشی بۆ سەفیری بریتانیی لە تاران و لۆرد سالیسبۆری لە لەندەن نارد تکایکرد بەدەمێوە بچن و یارمەتیی بدەن. لە لەندەنەوە فەرمان بۆ سەفیری بریتانیی هات کە هەموو ئامرازو هەوڵە کاریگەرەکانی بەکاربهێنێت و داوای لە حکومەتی فارسیی بکات بەخێرایی کچە فڕێنراوەکە بگەڕێنێتەوە. لەوەلامی ئەمەدا حکومەتی شا ئامادەگیی خۆی پێشاندا کە چەندەی توانای هەیە بیکات لەبەدێهینانی داوا رەواکانی بریتانیا، بەڵام

لەم بارەیەوە حکومەتی شا خۆی بێدەسەڵات دەبینێتەوە، چونکە تاوانکارەکە رەعیەتی تورکییە و لەدەرەوەی دەسەڵاتی قەزایی حکومەتە. هەربۆیە لەسەر حکومەتی سوڵتانە کە بکەوێتەخۆ، ئەگەر سوڵتان ئیزن بدات بۆ شوێنکەوتنی تاوانکاران، ئەوا حکومەتی شا بەپەرۆشەوە ئەو کارە دەکات.

ئەم تەلەگرافە، لەکاتی خۆی رەوانەی سالسبێری کرا، لەو سۆنگەیەشەوە ئەو فەرمانی بە (سێر ولیەم وایت)ی سەفیری بریتانی لە ئەستەمبوڵ کرد، کێشەکە بخاتە بەردەمی سوڵتان و داوای قەرەبوی دەستبەجێی لێ بکات.

بابی عالی لەدۆخێکی زۆر نالەباردا بوو، لەکاتێکدا نەیدەویست کوردان بێزارو زیز بکات چونکە لەکاتی پێوستدا سوودی لێوەردەگرتن، هەروەها ئەگەر رێگەی بە شا بدایە بکەوێتەکار، ئەوسا دەبووە دانپێدانانێك بە لاوازیی خۆی. هەربۆیە سێر ولیەم دڵنیاکرایەوە کە قەرەبووکردنەوەکە هەڵدەبژێرن بە مەرجێك بڕەکەی زۆر نەبێت.

بەو پێیە، پەیامیك ئاراستەی سەرکردەکانی کورد کرا، کە دەست لەکچەکە هەڵگرن، کوردان لەوە توڕەبوون و نەیاندەویست داواکە بێننەدی چونکە ئەوان فەرمانی راوەدونانی ئەرمەنەکانیان وەرگرتبوو. هاوکات لەکەیسی (گولیزار)یشدا، ئەو کچە ئەمەریکییەی کە لەلایەن ئەوانەوە فڕێندرابوو، هیچ شتێك روونەدا. هەربۆیە بەرسینگیان لەحکومەت گرت و وتیان کچەکە بۆتە موسوڵمان و ئێستا کێشەکەی کێشەیەکی ئاینیەو مەدەنیی نییە.

بابی عالی دیسانەوە خۆی لەدۆخێکی دژواردا بینییەوە، یان دەبی وڵاتەکەی رووبەڕووی پەلاماری بریتانییەکان بکاتەوە، یان ئەوەتا کە رێگە بەشا بدات لەبری ئەو هەڵسوڕێت. لەنێوان ئەو دوو بژارە خراپەدا، ئەوەی دواییانی هەڵبژارد. ریگە بەشا درا بکەوێتەکار. لەبەرئەوەی دەستیوەردانی ئێرانی دەیتوانی بۆ کەوتنەوەی ناکۆکیی و دووبەرەکییەك سوودی هەبێت، ئەوکاتەش کشانی ئەمیرنیزام بەهێزیکی ١٠٠٠٠ سەربازی ئازاوە هاتەپێش.





ئەمیر نیزام گروسی



ڕۆبێرت سیسل سالسبێری سەرەۆك وەزیرانی بریتانیی



## میراز فەیروز نەسڕەتولدەولە چاوەڕێی فەرمانە

ڕۆژنامەی بریتانیی (THE DAILY NEWS) کە سێشەممە لەبەرواری ١٦ی جولای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەواڵێکی لەپەیامنێرەکەیان پێ گەیشتووەو بەناونیشانی :" فڕاندنی میس گرانفیلد" بڵاویانکردۆتەوە، تێیدا هاتووە کە میرنەسڕەتولدەولە چاوەڕیی فەرمانی تارانە تاکو هەڵمەت بەرێتەسەر ئاژەوەگێڕەکانی سابڵاغ. ئێران خۆی لە خوێنڕشتن بەدووردەگرێت. کوردانی تورکیی ڕایانگەیاندووە کە ئەگەر پەلاماربدرێن ئەوا میس گرینفیلد دەکوژن و لەزمانی خۆیانەوە:" خۆیان لەپشتی لاشە کوژراوەکەی پەنادەدەن". (میستەر پاتۆن) پێشنیاری ئەوەیکرد کە باشتر ئەوەیە گەمارۆ بدرێن و ئاو و خۆراکیان لێ ببڕرێت.



میرزا فەیروز نەسڕەتولدەولە



# THE ABDUCTION OF MISS GREENFIELD.

(FROM OUR CORRESPONDENT.)

TAURIS, WEDNESDAY NIGHT.

Prince Nosrat Dowleh is waiting at Teheran for orders to commence operations against the rioters at So-uj-Bolak. Persia hesitates to shed blood. The Turkish Kurds declare if they are attacked they will kill Miss Greenfield, and, in their own language, "protect themselves by her dead body." Mr. Paton suggests that it would be best to surround them and cut off their supplies of water and provisions.

(THROUGH REUTER'S AGENCY.)

TEHERAN, JULY 15.



# هەڵاتنی کۆنسوڵی تورکیی لە سابڵاغ

رۆژنامەی بریتانیی (THE YORKSHIRE POST) کەلەبەرواری ٣ی جولای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" فڕاندنی کچە ئینگلیزەکە لەلایەن کوردانەوە"، بابەتیکی بڵاوکردۆتەوە کە زانیاری زیاتری لەبارەی ئەم رووداوەوە پێشکەش کردووە، بەگوێرەی هەواڵەکە، میس گرینفێڵد کە کچێکی کریستیانی شازدەساڵانەی ئینگلیزەو رەعیەتی بریتانییە، لەکاتێکدا لەگەڵ دایکی چوونەتە گوندێکی نزیك سابڵاغ ، لایەن کوردانی ئێرانەوە فڕێنراوەو براوەتە سەر سنوور. دایکی راستەوخۆ پەیوەندی بە کۆنسوڵی بریتانیی لەتەبرێز کردووەو قسەش لەوە دەکری کە کچەکە موسولمان بووەو بە ویستی خۆی لەگەڵ کوردان رۆیشتووە. باڵیۆزخانەی بریتانیی لەوێ داوای لەدەسەڵاتدارانی ئێرانیی کردووە، کچەکە بهێننەوە بۆ تەبریز تا لەوی لەلای کونسوڵ قسەی وەربگیرێت، بەڵام بەو هۆی ئێرانییەکان ئامرازی پیویستییان لەبەردەست نییە ناتوانن ئەوە بکەن و کچەکە لەلایەن چەندسەد چەکداریکی کوردی ئێران و تورکیاوە لەمەهاباد راگیراوە. کچەکە براوەتە کۆنسوڵخانەی عوسمانی لە سابڵاغ و هەولەکانی ئێران بۆ گێرانەوەی شکستییخواردووە، هەربۆیە مەسەلەکەی بۆ بابی عالی جێهێشتووە. کۆنسوڵی تورکیی لە تەبرێز هەماهەنگیی لەگەڵ کۆنسوڵی سابڵاغ کردووەو وتویانە دەبێت مەسەلەکە بخرێتەوە بەردەستی حکومەتی ئێران. هەربۆیە کۆنسوڵی گشتیی تورکیی سەردانی سابڵاغی کردووە، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بۆ گێرانەوەی کچەکە بێهودە بووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو کۆسنوڵی تورکیی بۆخۆشی کەوتۆتەبەر پەلامارو لەگەڵ جێگرەکەی تەقەیان لێکراوەو بەناچاریی هەڵاتوونەتە بنکەی فەرمانرەوای شاری سابڵاغ. کۆنسوڵخانەی تورکییش لەسابڵاغ لەلایەن کوردانەوە دەستی بەسەردا گیراوەو کچەکەش هێشتا گیراوە.



THE ABDUCTION OF AN ENGLISH GIRL BY KURDS.

TEHERAN, July 2.

The following is an account of the circumstances attending the recent abduction of an English girl by Kurds. Miss Greenfield, a Christian British subject, 16 years of age, while with her mother at a village near So-uj-Balak, in the province of Azerbijan, was forcibly carried off in the middle of May last by Persian Kurds, and taken to the frontier, where the guards refused to allow them to pass. The mother immediately lodged a complaint with the British Consul at Tabriz, and it being alleged that the girl had become Mohammedan, and had gone voluntarily with the Kurds, the British Legation here requested the Persian authority to take her to Tabriz in order to let the girl make a declaration to that effect before the acting British Consul. The Persian authorities accordingly conveyed her to Tabriz under escort, but owing to the absence of proper precautionary measures the girl was captured at So-uj-Balak by several hundred well-armed Persian and Turkish Kurds, who bartered her to the Turkish Consulate, and they kept her a prisoner. The attempts made by Persian authorities to recover possession of the girl having failed the matter was referred to the Porte. The Turkish Consul at Tabriz, acting in conformity with instructions, proceeded to So-uj-Balak accompanied by the Turkish Consul, with orders that the girl should leave the consulate and be surrendered to the Persian authorities. The Turkish Consul-General went to the Ottoman Consulate, but all efforts to obtain possession of the girl were fruitless. The Consul was himself assaulted by a number of Turkish Kurds, shots were fired, and the Consul and Vice-Consul being in danger of their lives had to take refuge with the local Governor. The Consulate of So-uj-Balak has since then been occupied by Kurds and the girl is still a prisoner.



## بایەخی زیاتری رۆژنامەکان بە کەیسەکەی میس گرینفیلْدو دوو وێنای جیاواز

رۆژنامەکانی بەریتانیا وەك ئەوەی هەنگوینیان لەکلۆرە داردا دۆزیبێتەوە، هەر لە ساتی بلاوبوونەوەی هەواڵی "فڕاندنی کچە ئینگلیزەکە لەکوردستان"لەسەرەتای مایۆی ١٨٩١دا، ئیدی پەیتا پەیتا دەنگۆ و هەواڵی دژبەیەك و جۆراوجۆریان بڵاودەکردەوەو سەرنجی جۆراوجۆریان لەبارەی پەرەسەندنی کەیسەکەی میس ئەمیلیا گرینفیلْد کە بە "کاتی گرینفیلْد" یان "میس گرینفیلْد" یش ناویان دەبرد، جگە لەوەی کە ئەم کەیسە، ناوی کوردانی لەتێکڕای ئەو رۆژنامانەدا بەدیاردەی فڕاندنەوە زەقدەکردەوەو بۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەیانەوە دەدرا.

دیارە، باوکی ئەمیلیا یان میس کاتی گرینفیلْد یەکێك لەو بازرگانە ئینگلیزانەی کە بە هۆی کارکردن هاتبووەە ئێران و پاشتر لەوێ لەگەڵ ژنێکی ئەرمەنیی تەبریزیی رەعییەتی ئێرانییدا، هاوسەرگیریی کردبوو. هەربۆیە "کاتی" لەدایکەوە ئەرمەنیی بوو، لەباوکیشەوە ئینگلیز بوو، هەربۆیە ئەم کەیسە لە مێژووی گێڕانەوە زارەکییەکاندا بە کەیسی کچە ئەرمەنیی ناودەبرێت و ساڵەکەش بە ساڵی "کچە ئەرمەنیی".

رووداوەکەی فڕاندنی یاخود لەراستییدا هەڵاتن و هەڵگیرانی میس گرنفیلْد لەلایەن کوردێکەوە کە ناوی "عەزیزخانی کوڕی ئەحمەد بەگ"ە، لەمەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مەسەلەیەکی سیاسیی و دپلۆماتیی و یاسایی وەرچەرخا و کۆنسولْخانەکانی بریتانیا و عوسمانی و ئێران و روسیا و هەروەها هێزە خۆجییەکانیش لەبابەتەکەوە تێوەگلان و هەریەك لەبەرژەوەندیی و بۆچوونی خۆیەوە لێکدانەوەی بۆ دەکردو هەڵوێستی لەبارەیەوە وەردەگرت. جگە لەوەی کە چەندین پرسیاری جۆراوجۆر لەوبارەیەوە زەقدەکرایەوە، وەك : ئایا میس گرینفیلْد فڕێنراوە یان هەلگیراوەو بەویستی خۆی لەگەل عەزیز

ڕۆیشتووە؟!! ئایا ئەوانەی بردوویانە کوردی ڕەعییەتی ئێرانن یان عوسمانی؟!! ئایا دۆزینەوەو گێڕانەوەی کچەکە لەئەستۆی ئێرانە یان دەوڵەتی عوسمانی؟!! چۆن بزانرێت و چی بکرێت ئەگەر کچەکە بەویستی خۆی ڕۆیشتبێت؟!! بۆچی کوردانی هەردوو دیوی ئێران و عوسمانی لەسەر ئەم کەیسە یەکگرتوو بوون؟! و چەندین پرسیاری دیکە!!

گرنگیی ڕۆژنامە بریتانیی و ئەمەریکییەکان لەم کەیسەدا ئەوەیە، کە پەیامنێرەکانیان ڕۆژانە لەتەبرێزەوە، هەواڵی ئەو کەیسەو پەرەسەندنی ڕووداوەکانیان داوەتە ئەو ڕۆژنامانەو ئەوانیش گەرماوگەرم بڵاویان کردۆتەوە، بەوەش ڕۆشناییەکی زیاتریان خستۆتەسەر ئەم کەیسەو وەرگێڕانیان لەپێناو وێناکردنی ڕووی ڕاستیی ڕووداوەکە، کارێکی پێویست و بەسوودە.

یەك لەو ڕۆژنامانەی کە بەشێك لەو دەنگۆیانەیەی سەبارەت بە دۆخی میس کاتی گرینفیڵد ڕاگواستووە، ڕۆژنامەی ( WHITSTABLE TIMES AND HERNE BAY HERALD )ە، کە لەڕۆژی یەکشەممەی بەرواری ١٥ی ئوتی ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بەپشتبەستن بە دەیلی نیوز، لەژێر ناونیشانی " میس گرینفیڵدو کوردان" دوو وێنای جیاوازی سەبارەت بە مەسەلەی چۆنێتی مامەلەکردنی کوردان لەگەڵ میس گرینفیڵد ڕاگواستووە، سەرەتا ئەو دەنگۆیانەی باس لێکردووە کە زیاتر لەنێو کوردانەوە بڵاوکراونەتەوە کە باس لەباشتریین مامەڵە دەکات لەگەل ئەو کچە گوایە: باشترین خۆراکی خراوەتەبەردەست، میوەو شیرینی لەسەر خوان بۆ دانراوەو دوو ڕۆژ جارێك خۆی دەشوات و جلوبەرگیی لە باشترین جۆر قوماشی ئاوریشمی دوکانی کوتاڵفرۆشانی بازاڕی مەهاباد بۆ دووراوەو ناسکترین پۆشاکی کراوەتەبەر، مێزی تەوالێتی بەباشترین شێوەو جۆری کاڵای جوانکاریی و ڕازاندنەوە بۆ دابینکراوەو قژی بۆ شانە دەکرێ و نینۆکی بۆ ڕێکدەکریتەوەو لەپی لەخەنە دەگیرێت و برۆی بۆ



هەڵدەگیرێت و شەوانە چیرۆکی ڕۆمانسی بۆ دەگێڕنەوەو چەندین ژنی کورد خزمەتی دەکەن..هتد.

پاشتر، ڕۆژنامەکە، ئاماژە بە ویناکردنێکی دیکەی جیاوازو دژ بەو مامەلە شیاوەی پێشوو باسدەکات، گوایە لەدوای فراندنەکەی میس گرینفیڵدەوە، ئیدی هیچ کەسێکی متمانەپێکراو و تەنانەت کۆنسولی بریتانیش نەیبینوەو دەوترێ کە لەدۆخیکی زۆر خراپدایە. دەوترێ گوایە لەژوورێکی تەنیا لەکۆنسوڵخانەی تورکیی زیندانییکراوە، هەموو بەیانییەك شەبەقی بۆ نوێژ هەڵیدەسێنن و نیوەڕۆو ئێوارە هەڵدەستێنن و دایدەنیشێنن!! ناچارە ڕۆژانە ویردی ( لا الا الا الله محمد رسول الله) بڵێتەوە و گوی لە وەعزی ئاینیی بگرێت، پۆشاك و بەرگەکەی کۆن و پەڕپووت بووەو هەڕەشەی ئەوەش ی لێکراوە گەر بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی، دەیکوژن و کۆمەڵێك ژنی بەدەورەوە دانراوە کە وایان داناوە لەکاتێکی وادا بە کوشندەترین ژار دەرمانخواردی بکەن!!

هەروەها ڕۆژنامەی بریتانیی ( THE SUPPLEMENT TO THE MANCHISTER COURIER) کەلەبەرواری ٨ی ئوتی ١٨٩١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەمان بابەتی بەناونیشانی :" مامەڵەکردنی کوردان لەگەڵ میس گرینفیڵد. دوو وێنای جیاواز" لەبەسی خوارەوەی لاپەڕە هەشتی ڕۆژنامەکە بڵاوکردۆتەوە.

# زانیاریی و وردەکاریی زیاتر

رۆژنامەی بریتانیی (THE DAILY NEWS) کە لە رۆژی هەینی رێکەوتی ١٠ی جولای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی " فڕاندنی کچە ئینگلیزەکە لەلایەن کوردەوە. درێژەی رووداوەکە" لە ستون و نیوێکدا، زانیاری زیاتری لەبارە کەیسەکەی میس کاتی گرینفیڵد (وەك بەزمانی خۆجێ پێی دەوترا کچە هەرمەنی) بڵاوکردۆتەوە. بەگوێرەی تەلەگرافی پەیامنێریان لەتەبرێزەوە، رووداوەکە لە سەرەتای مانگی مایۆ/ئایاری ١٨٩١ لە گوندی "حاجی ئاباد" کە دەکەوێتە سەر چۆمی چەغەتوو و ٤٥ مایل لە رۆژهەڵاتی ناوەندی شاری سابڵاخەوە دوورە، ئەو گوندە گەورەیەو لەگەڵ سی گوندی دیکە موڵکی خێزانی گرینفیڵدە کە لە ئیسحاق گرینفیڵدی باوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە. گوایە فڕێنەرەکە کەسێکە بەناوی عەزیزو سێ کەسی دیکەشی لەگەڵدا بووە، کە دەمەوە ئێوارەیەك لەکاتی پیاسەکردنی میس کاتی گرینفیڵدا، کە لەگەڵ پیرەژنێکی خزمەتکاری کورددا بووە، پڕیان داوەتی و فڕاندوویانە. میس کاتی گرینفیڵد سێ برای هەبوون، کە لەو کاتەدا هیچیان لەوێ نەبوون، یەکێکیان لە ئەورووپا بووە، ئەوی تریان لەڕێگەدا بووە بەرەو ئێران بگەڕێتەوە، ئەوی سێیەمیشیان لە شاری تەبرێز سەرقاڵی کارو کەسابەت بووە.

دایکی کچەکە، هەر راستەوخۆ پاش بیستنی هەواڵەکە، سواری ئەسپێك بووەو لەگەڵ چەند خزمەتکاریکیدا بەدوای ئاسەوڕای فڕێنەرەکان کەوتوون، بەڵام ئێوارەی بەسەردا هاتووەو شوێنپێکەیان بزرکردوون. ئەویش پاش گەرانەوە یەکسەری پەیوەندیی بە کۆنسوڵی گشتیی بریتانییەوە کردووە لەتەبرێزو لە رووداوەکە ئاگاداری کردۆتەوە.

مستەر پاتۆنی کۆنسوڵی گشتیی بریتانیی لەتبریزەوە ئەمیر نیزامی حاکمی گشتیی ئازەربایجانی ئاگادارکردۆتەوەو داوای کردووە دەستبەجێ کار بۆ گیڕانەوەی کچەکە بکەن بۆ لای دایکی. فەرمانرەوای خۆجێی سابڵاغ ئەوەی بە زەحمەت زانیوە چونکە



وتویەتی کە کچەکە براوەتەوە دەرەوەی سنووری ئێران و لە تەوێڵەیە کە خاکی تورکیای عوسمانییە. پاش هەولیکی زۆرو گفتوگۆ توانراوە کچەکە بگێڕنەوە شاری سابڵاغ و لەماڵی مەلا عەبدوڵا دایبنێن کە کوردەو موفتی شارەکەیە. رۆژی دواتر کۆبوونەوەیەکی گاڵتەجاڕییان بەستووەو دەوترێت ،کە تێیدا کچێکی کوردیان هێناوە، نەك میس کاتی گرینفیڵد، ئەو وەك باوە لە ئێران، جبەیەکی رەشی کراوە بە بەرداو پێچراوەتەوە و توند رووی خۆی داپۆشیوە. کچە لە کۆبوونەوەکەدا رایگەیاندووە کە موسوڵمانەو حەزدەکات بەموسوڵمانی بژی و بمرێت. پاشان دەرئەنجامی کۆبوونەوەکەیان بەتەلەگراف گەیاندۆتە حاکمی گشتیی لەتەبرێز، بەلام کۆنسوڵی گشتیی بریتانیی لەتەبریز بەمە قایل نەبووەو جەغتی لەوە کردۆتەوە کە دەبێت کچەکە بهێنریتە تەبرێزو بەئامادەبوونی ئەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. لەم بارەیەشەوە فەرمانی نوێ ئاراستەی سابڵاغ کراوە.

کاتێك زانراوە کە کچە گەنجەکە دەبرێت بۆ تەبرێز، تاقمێك لە کوردانی لات و هەژارو سەر بە چینەکانی خوارەوەو رەعیەتی تورکی عوسمانلیی، هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی مەلا عەبدولا و میس گرینفیڵدیان بەزۆر هێناوەتە دەرەوەو بردوویانە بۆ کۆنسوڵخانەی تورکیی. تۆماس ئەفەندی کۆنسوڵی فەخریی، ئاژاوەچییەکانی بینیوە روویان لە کونسوڵخانەکە کردووە، فەرمانیداوە دەرگای کۆنسوڵخانە دابخەن و لە بالکۆنی سەرەوە ئامۆژگاریی ئەوانی کردووە کە بیبەن رادەستی فەرمانرەوایانی خۆجیی شارەکەی بکەنەوە چونکە ئەو کچە ئینگلیزەو فڕێنەرەکەشی رەعیەتی ئێرانین و رەعیەتی تورکیی مافی ئەوەی نییە خۆی لەم مەسەلەیەوە هەڵقورتێنێت.

ئاژاوەچییەکان، بە شکاندنی دەرگای کۆنسوڵخانە وەڵامی کۆنسوڵیان دایەوەو خۆیان کوتایە ژوورەو میس گرینفیڵدیان بردە ناوەوەو لە وشوێنەی جێگەی ئاڵای تورکیی بوو دایاننیشاند. ئنجا بە هەڕەشەو بەجنێوی سووك کۆنسوڵیان داوایان لە کۆنسول کرد ئاڵاکە هەڵبکات. ئەوان لەو فکرەوە ئەمەیان کرد حکومەتی ئێرانیی خۆی لەوە بەدوور دەگرێت کە لەسایەی پاریزراوی و لەژێر ئاڵای تورکیی، کچەکە

بەرێت، چونکە کاریکی ئاوا وەك هێرشێك بۆسەر ئەو دەسەڵاتە لەقەڵەم دەدرێت.
ئاژاوە چیەکان، لەبری ئەوەی میس گرینفیلد لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان بپاریزن، دەوارێکیان لە کۆنسولخانەکە بۆ هەڵداو خزاندیانە ناوی. وەك زێدەحەزەرێکیش، چەند ژنێکی کوردیان وەك چاودێر خستە پاڵی، ئەمانە کە چاودێرییەکی وردی قوربانییەکەیان بوون، بەردەوام بەگوێی کچەکەدا دەیاخوێندو بنەماکانی ئیسلامیان بەمێشکیدا دەکرد، بۆئەوەی کارەکەیان باشتر ئاکامی هەبێت، سڵیان لەوەش نەدەکردەوە کە جاروبار هەرەشەی ئەوەشی لێبکەن کە ئەگەر بوێریّ بیر لە گەڕانەوە بۆ کریستیانییزم بکات ئەوا مردنی دەستبەجی چاوەڕوانێتی. هەر بەوەشەوە نەوەستان، ناچاریان کردووە بە ناو واژۆی خۆی نامە بنووسێت و تێیدا ئەوە بڵاوبکاتەوە کە ئەو بۆماوەی دووساڵیشە وازی لە ئاینی کریستیانیی هێناوەو بۆتە موسوڵمان، ئەو لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا بەرۆژوو بووەو ئەو نەك بە زۆر بەڵکو بەویست و ئارەزووی خۆی دوای عەزیز کەوتووە، ئەو پیاوەی کە وەك مێردێك هەڵبیژاردووە. خۆ ئەگەر بێتو بە زۆر بیبەن بۆ تەبرێز، ئەوا کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت و خۆی دەکوژێ. ئنجا ئاژاوەگێڕەکان پەیامیان بۆ کوردی تورکیا و بانگێشتیان کردن کە بێن و بەرگریی لە ئیسلامەتیی بکەن، چونکە کۆنسوڵی ئینگلییز دەیەوێت، کچێك بەرێت بۆ تەبرێز، کە بۆتە موسوڵمانی راستیینە و بەزۆر بیکات بە کریستیانیی. کۆنسوڵی گشتیی تورکیی لەتەبرێزو هەروەها سەفیری عوسمانی لە تاران هەردووکیان لەچەندین تەلەگرافدا ئامۆژگاریی ئاژاوەگێرەکانیان دەکرد کە خۆیان لە کاری تاوانکارانە بەدووربگرن و میس گرینفیلد رادەستی دەسەڵاتدارانی سابلاغ بکەنەوە، بەپێچەوانە بەتوندیی سزا دەدرێن. بەڵام ئاژاوەگێڕەکان نە بایەخێکیان بەو کۆنسوڵانەو نە ئامادەشبوون ناوبژیوانیی قبوڵ بکەن.
زۆربەی کوردانی تورکیی وەڵامی بانگەوازەکەی ئاژاوەگێڕانیان دایەوەو روویان لەسابلاغ کردو تێکڕا چەکیان پێبوو لەوێ چوونە ریزی چەکدارە راپەڕیوەکانەوە. دەسەلاتدارانی خۆجێ تەماشای



دۆخەکەیان کرد کە بەو ئاستە گەیشتبوو، رایانگەیاند کە بێ بەکارهێنانی هیزو رشتنی خوینی زیاتر، ناتوانن میس گرینفیلد لەدەستی کوردانی تورکیی دەربهێنن. ئنجا حکومەتی ئێرانیی، ئەو پێشنیارەیان خستە بەردەم لایەنی بریتانیی، کە مستەر پاتۆن بنێرنە مەهاباد و لەویّ بۆخۆی دەمی کچەکە تاقیبکاتەوە سەبارەت بە وەی لەسەر چ ئاینێکە. پرسیاریش لە کۆسوڵی گشتیی هەڵسوڕاو کرا کە ئەو بۆخۆی رای لەسەر ئەو پێشنیارە چییە؟! میستەر پاتۆن، وێڕای ئەوەی کە گەنجە پیاوێکی لە کۆنسوڵخانەش تازەکار بوو، بەلام هەر لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی چەسپاو ژیرانە کاریدەکرد. ئەو بەشێوەیەکی باش بۆ باڵێۆزخانەی روونکردەوە کە شتێکی شایستەو گونجاو نییە بۆ پێگەو کەسایەتیی کۆنسوڵێك کە بچێت بۆ سابلاغ. جگە لەوەی ئەوە وا لەکوردان دەکات کە وا تێبگەن کە ئەوان لە باڵیۆزخانەی بریتانیا و هەموو لایەنەکانی تر پێکەوە بەهێزترن. وێڕای ئەوەی میس گرینفیلد کە ئێستا لەلای کوردانەو ئەو هەموو موسوڵمانە دەمارگیرەی بەدەورەوەیە، زەحمەت بتوانێت ئەوەندە بوێری هەبێت دان بەوەدا بنێت کە بەدەر لە ویستی خۆی براوەو بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەر بە ئاینی کریستیانییەوە پەیوەستبووە.
تێبینییەکانی میستەر پاتۆن لۆژیکانە بوو، هەر بۆیە باڵیۆزخانەی بریتانیی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێت میس گرینفیلد بنێردرێتە تەبریز. پاشتر شای ئێران کە خوازیاربوو ئەو بەزمە بەزوویی کۆتایی پێبێت، خۆی هاتەنیو مەسەلەکەو پەیام و بەڵێنی خۆی ناردە باڵیۆزخانەی برتانیی و داوای لیکردن کە میستەر پاتۆن پێویستە بچێتە سابلاغ و کۆبوونەوەیەکی پێویست لەوبارەیەوە بکات. پاش چەندین کۆبوونەوەو ئاڵوگۆڕکردنی تەلەگراف لەنێوان تەبرێزو تاران و لەندەن و ئەستەمبوڵ، گەیشتنە رێکەوتنیك بەم شێوەیهی لای خوارەوە.

یەکەم: لەسەر ویستی شا، کۆبوونەوەکە لە سابلاغ بکرێت.
دووەم: پێویستە حکومەتی ئێرانیی زامنی سەلامەتیی هاتنو چونی کۆنسوڵی گشتیی هەڵسوڕ بکات و لەکاتی کۆبوونەوەکەش بیپارێزێت.



S, FRIDAY, JULY 10, 1891.

THE
# ABDUCTION OF AN ENGLISH GIRL BY A KURD.

## FULL DETAILS.

Our Correspondent at Tauris (better known perhaps as Tabreez), whose telegrams brought the first accounts which reached this country of the abduction of an English young lady by a Kurd, writes as follows to us by mail, under date of June 23:—An unprecedented act of violence has been committed on a British subject. Hajiabad, a large village on the River Jaghatu, and about forty-five miles on the east of So-uj-bulak, with three other villages, belongs to the Greenfield family. Mrs. H. Isaac Greenfield, in order to administer and look after her property, has, since the death of her husband, been mostly living with her children in that village. In the beginning of May last, on a fine evening, Miss Katy Greenfield, a girl fourteen years old, was induced by her servant, an old Kurdish woman, to go for a walk. Whilst walking she was suddenly seized and carried away by a horseman of the name of Aziz, who had been lying in ambush with three other Kurds. Unfortunately at this time the young lady's three brothers were absent from the village; one of them was in Europe, the other on his way to Persia, and the third at Tabreez on business. When Mrs. H. Greenfield was informed of the occurrence, she at once mounted a horse, and followed by one of her servants pursued the abductors, but night coming on, she lost traces of them and returned to report the case to the British Consul-General in Tabreez.

The Ameer Nizam, Governor-General of Azerbaijan, being applied to by Mr. Paton, the acting British Consul-General, telegraphed to So-uj-bulak for the restoration of the young lady to her mother. The acting governor of the latter place answered that it was out of his power to restore the girl, because he pretended she had been carried across the frontier to the village of Tevila in Turkey. After negotiations and exchange of notes, more stringent orders were sent to So-uj-bulak, and Miss Greenfield was then brought to that town and confided to the care of Molla Abdulla, a Kurdish Mufti. Next day a mock inquiry was held, in which none but Mussulmans took part. It is said that instead of Miss Katy, a Kurdish girl wrapped up in black and tightly veiled, as the Mohammedan custom is in Persia, was introduced. The girl declared to the assembly that she was Mohammedan, and desired to live and die in that religion. The result of the inquiry was then telegraphed to the Governor-General at Tabreez. The acting British Consul-General was not satisfied with this, he insisted on the girl being brought to Tabreez and interrogated in his presence. New orders to that effect were sent to So-uj-bulak.

When it was known there that the young lady would be taken to Tabreez, a party composed of the beggarly and lowest class of Turkish subjects, proceeded to the house of Molla Abdulla, drew out Miss Greenfield, and forcibly carried her to the Turkish Consulate. Thomas Effendi, the honorary Consul, seeing the rioters coming, ordered the door of the Consulate to be shut against them, and then from the terrace advised them to carry and remit the girl to the local authorities, because, he said, she being British and the abductor Persian subjects, they, the Turkish subjects, had no right to meddle with the matter. To this the rioters answered by smashing the door of the Consulate and leading Miss Greenfield to the terrace where stands the mast of the Consulate's flag. They made her sit at the base of the mast. Then tumultuously with threats and abuse they demanded the Consul to hoist the flag. This they did under the idea that the Persian Government would shun taking the girl from the protection of the Turkish flag, as such an act would constitute an insult to that Power. The Turkish Consul, getting somehow out of the hands of the rioters, sought safety in flight, leaving the Consulate in the possession of the rabble.

The rioters, in order to protect Miss Greenfield from the heat of the day and the cold of the night, pitched a tent on the terrace, and made her live in it. As an additional precaution, several Kurdish women were lodged with

Paton to So-uj-bulak, and there persuade their subjects to give up the girl. The necessary permission having arrived, Behjet Effendi and Mr. Paton, accompanied by a Persian functionary and other persons, left Tabreez on the 15th instant for So-uj-bulak. The latest news from that town states that the Turkish Consul-General, on his arrival at the place, was received with some marks of respect by the Turkish Kurds, but he has been told that the question being simply a religious one and not a political, neither he, the Consul-General, nor the Ottoman Ambassador at Teheran had anything to do with it. These Kurds, it is reported, have since walled up the entrance to Miss Greenfield's dwelling, and food is carried to her by means of a wooden staircase. They have surrounded the building with armed men, whose number is variously stated at 100, 150, and up to 200, and they strictly prevent all communication with her. They have, moreover, taken a binding oath to shoot any person who may attempt to see her. Matters having reached this stage, both Mr. Paton and Behjet Effendi, as well as the Acting-Governor of So-uj-bulak, have telegraphed to their respective heads for instructions.

Whatever may be the result of the crisis it must be admitted that although the authorities at So-uj-bulak cannot be held exempt from all blame for having in the beginning acted leniently and not vigorously enough either towards the abductors or a few beggarly roughs, still the chief responsibility lies on the Turkish Kurds, who, not satisfied with what they do in Turkey, come over even to disturb the tranquillity of a neighbouring and friendly State by their interference with a question which does by no means concern them; by their disorderly conduct; by their atrocious fanaticism in wanting to forcibly convert a girl of fourteen years old, and that a British subject, to Mohammedanism; and, lastly, not only setting at nought their Embassy's orders, but even resisting and defying the local authorities with arms. If any deserves punishment it is certainly those Turkish subjects who have taken part in these riots.

# THE GERMAN PRESS ON THE EMPEROR WILLIAM'S VISIT.

(THROUGH REUTER'S AGENCY.)

BERLIN, JULY 9.

The *Berliner Tagblatt* to-night says that this is the first time since the Middle Ages that a German Emperor has set foot in London. After referring to the flight of William I., when Heir Apparent to the Prussian Throne, to England in 1848, the journal goes on to say that the present event deserves to be inscribed in golden letters in the annals of history. It further remarks that the presence to-day of the British fleet in Venetian waters is assuredly no chance coincidence, and that it demonstrates the solidarity of the interests of two Powers whose friendship needs the bond of no treaty to draw it close. The *National Zeitung* gives expression to similar sentiments, and reflects sarcastically on the annoyance which it affirms is felt by France at the Emperor's visit, as well as on "the counter-demonstrations" that are being made by the French fleet in visiting Denmark and Cronstadt.

# THE CARLOW ELECTION.

## OPINION IN AMERICA.

(FROM OUR CORRESPONDENT.)

NEW YORK, THURSDAY.

The result of the Carlow election is regarded here as marking the end of Mr. Parnell's career. The newspapers all take this view, some saying it will be possible now for Home Rule leaders to come to America again to raise campaign funds, since not even the partizans of Mr. Parnell will contend henceforth that he is entitled to share them.

# ENGLAND AND ITALY.

(FROM OUR CORRESPONDENTS.)

ROME, THURSDAY NIGHT.

The toast delivered by King Humbert at the luncheon on board the Benbow yesterday is an occasion for all the papers to renew the expression of their friendly feeling towards England, and several comment specially upon the passage in which his Majesty alludes to the sympathy shown by England for Italy during her struggle for independence. Naturally the coincidence of the King and Queen of Italy finding themselves on board an English vessel while the Emperor William is a guest of the Queen of England is likewise giving rise to much sympathy for the Triple Alliance. When their Majesties returned on shore the people made a most enthusiastic demonstration.

PARIS, THURSDAY NIGHT.

سێیەم: پێویستە سەرەتا کچەکە رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەشارەکە بکرێت و کۆبوونەوەکەش لە ناوەندی بنکەی حکومییدا بکریت و جگە لەو کەسانەی کە پێویستە بۆ کۆبوونەوەمە لەوی بن کەسی دیکە نەیەت.

چوارەم: هەر کات کچەکە پەیوەست بوونی بە ئاینە بنەرەتییەکەیەوە کە کریستیانییە راگەیاند، حکومەت سەلامەتیی گیانی بپارێزیت و بیگەێنێتە تەبرێزو لەوی بینرێتە کۆنسوڵخانەی بریتانیی.

بۆئەوەی میس گرینفیلد بە ئاسانیی رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانیی بکرێتەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانییەوە داوا لە حکومەتی تورکیی کرا رێگە بە کۆنسولەکەی بدات کە لەگەڵ میستەر پاتۆندا بچنە سابلاغ و لەوی داوا لە رەعیەتەکەیان بکەن کچەکە بەردەن. پاش گەیشتنی رێپێدانی پێویست، بەهجەتە فەندی و میستەر پاتۆن، بەیاوەری دەستەیەك پاسەوانی ئێرانیی و چەند کەسێکی دیکە تەبرێزیان جێهێشت و لە١٣ی مانگدا گەیشتنە سابلاغ. دوا هەواڵ کە لە سابلاغەوە گەیشتووە دەلیت ، کە کۆنسولی گشتی تورکیی لەلایەن کوردانی تورکییەوە بەرێزەوە پێشوازیی لێکراوەو پێی وترا کە ئەم مەسەلەیە بە ئاسانیی ئاینییەو سیاسی نییە...

لەکۆتاییدا، رۆژنامەکە جگە لەوەی کە دەسەڵاتدارانی خۆجێی ئێران بە کەمتەرخەم نازانێ لەو رووداوەو ئۆباڵی ئەوەیان دەخاتە ئەستۆ کە هەر لەسەرەتاوە بە نەرمی لەگەڵ ئەو تاوانەدا جووڵاونەتەوەو فڕێنەرانیان دەستگیرنەکردووە ، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرەکیی دەخاتە ئەستۆی ئەو کوردانەی رەعیەتی تورکیی کە بەو خراپەکارییە وازیان نەهێناوە کە لەتورکیا دەیکەن، هاتونەتە سابلاغ و خەریکی تیکدانی ئاسایشی وڵاتێکی دۆستن و دەستوەردەدەنە مەسەلەیەکەوە کە پەیوەندیی بەوانەوە نییە. هەروەها کاری دەمارگیرانەی ئاینیی دەکەن وکەنیشکێکی چواردەساڵەی رەعیەتی بریتانیایان فڕاندووەو بەزۆر کردوویانەتە موسوڵمان، دواجاریش هەر گوی بە فەرمان و جیگیریی کۆنسولخانەکەیان ناکەن بگرە بەچەکیش وەڵامی دەسەڵاتدارانی خۆجێ دەدەنەوە. ئەگەر کەسێك شایەنی سزا بێت ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو کوردانەی تورکیان کە بوونەتە بەشێك لەو ئاژاوەیە.

## کوردان هەڕەشە دەکەن

ڕۆژنامەی بریتـانیی (THE ABERDEEN JOURNAL) کـەڕۆژی چوارشـەممـە لـەبـەرواری ٢٤ی جونی ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکـراوەتـەوە،هـەواڵێکـی بڵاوکردۆتـەوەو بـاس لـە فڕانـدنی مـیس گرینفیڵد دەکات لەلایەن عەزیزی کوردەوەو دەڵێت کە کە پاش هاتنە سەرخەتـی لـەندەن و تـاران و ئـەستەمبول، میستەر پاتۆنی کۆنسوڵی گشتیی هـەڵسوڕی بریتـانیی لـە تـەبریـزەوە ڕۆیـشتووە بـۆ سـابڵاغ بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەیـەك تـاکو میس گرینفیڵد قسەی خۆی تێدا بکات و بەئاشکرا ڕاییگەیەنێت کە ئەو کەیسە چۆن ڕوویداوەو ئایا هەر لەسـەر ئاینـەکەی خۆی مـاوە یـان بۆتـە موسوڵمان. ئێستا سـەدان چـەکداری کـورد دەوری کۆنـسوڵخانەی تورکییـان لـەسـابڵاغ داوەو هەڕەشەیان کردووە کە تەقە لە هـەر کـەسێك دەکـەن بیـەوێت کچـەکە ببینێت و دۆخەکە هەتا ئەبێ جدیی و ئاڵۆزتر دەبێت.



ENGLISH GIRL ABDUCTED BY KURDS.

A PRISONER SURROUNDED BY ARMED MEN.

A telegram from Taurus (in the "Daily News") says :—Katy Greenfield, a girl of fourteen, and a British subject, was at the beginning of May abducted by an Aziz Kurd, and afterwards brought to Soujbolak to the Mufti's house. The Turkish Kurds drew her thence forcibly, and kept her at the Turkish Consulate. After an exchange of telegrams between Teheran, Stamboul, and London, the Turkish Consul-General and Mr Paton, the acting British Consul-General here, have been sent to Soujbolak—the former to place the girl in the hands of the local authorities, and the latter to inquire into the matter. Now a hundred armed Kurds surround the Consulate, and threaten to shoot any one who attempts to see the girl. The affair is fast becoming serious.

INSTALLATION OF THE CHIEF RABBI.

The installation of Dr Hermann Adler as Chief



## ژمارەی چەکدارانی کورد لە بەرزبوونەوەدایە

بـەگـوێرەی ڕۆژنامـەی بریتـانیی (NORTHERN DAILY MAIL)کە لە ڕۆژی پێنج شەممەی بەرواری ٢٥ی جونی ١٨٩١دا، چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ژمارەی ئەو چەکدارە کوردانـەی لە سابڵاغ کۆبوونەتەوە لە بەرزبوونەوەدایەو ئەوان دژی ئەوە وەستاونەتـەوە کـە کچەکە (کاتی گرینفیڵد) ڕادەستی بەرپرسانی ئێرانی بکـەنـەوەو لـەلای خۆیان هێشتوویانەتەوە.



67. Twenty-two competitors entered for the race from Greatham to Wolviston and back, which was won easily by Mr J. Rawson (Y.M.C.A.) with 3½ minutes start; Mr W. Lewis came in second, and Mr J. W. Wallace third. The prizes were: 1st, marble clock, presented by Mr W. Everton; 2nd, bicycle saddle and spring, presented by Mr J. Hill; 3rd, bicycle lamp, presented by Mr J. C. Minto. Messrs Hill and Minto officiated as judge and starter. A slow race was won by Master Garry.

The number of Kurdish rioters is increasing at So-uj-bolak, and they refuse to deliver up the girl Katy Greenfield, whom they hold captive.

economical nature, free from added starch and sugar."—Health.

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش هاتەسەرخەت

بەگوێرەی رۆژنامەی ئەمەریکیی (Launceston Examiner) کە لەرۆژی دووشەممەی رێکەوتی ١٣ی جوڵای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، میستەر سێر جاس فێرکۆسن (Sir Jas. Fergusson)سکرتێری سیاسیی وەزراەتی دەرەوی ئەمەریکا فشاری کردۆتە سەر حکومەتی ئێرانیی بۆئەوەی زامنی گێڕانەوەی میس گرینفیلڵد یاخود کچە ئینگلیزەکە بکەن . ئەوەی گوایە لەلایەن کوردانەوە گیرابێت و خزێنرابێتە کۆنسوڵخانەی تورکییەوە. بەگوێرەی هەواڵەکە، حکومەتی ئێرانی لەشکری ناردووە بۆئەوەی جەخت لەبەردانی میس گرینفیلڵد بکاتەوە.



MISS GREENFIELD'S CASE.

Sir Jas. Fergusson, Political Secretary to the Foreign Office, is pressing the Persian Government to secure the release of Miss Greenfield, who is alleged to have been captured by the Khurds and conveyed to a Turkish consulate.

The Persian Government is sending troops to insist upon the release of Miss Greenfield.



## ناسڕەدین شای قاجار ئەلتیماتۆمێکی ئاراستەی چەکدارە کوردەکان لەسابڵاغ (مەهاباد) کرد

رۆژنامەی بریتانیی (THE DAILY EXPRESS) کە لە پێنج شەممەی بەرواری ٢٣ی جوڵای چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" میس گرینفیلڵدو کوردان" هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت، کە سەفیری عوسمانی لەتاران جەختی لەسەر ئەو مافەی ئێران کرد بۆ بەرقەراریی یاسا و فەرمان لەنێوان کوردانی رەعییەتی تورکیی لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە لەنێو خاکی ئێرانییدا. شا لە ١٧ی مانگدا، ئەلتماتنیۆمێکی ئاراستەی کوردان کردووەو داوای رادەستکردنی میس گرینفیلڵد دەکات. لەسۆنگەی ئەو زەحمەت و گرفتانەی کە لەلایەن ئەمیر نیزامی حاکمی ئازەربایجان بەرزکراوەتەوە، ئەو لەشکرە ئێرانییەی لە سابڵاغە، هێشتا هیچ کارێکی ئەنجامنەداوە کە ببێتە هۆکاری بەربوونی کچەکە.



to confer with him.

MISS GREENFIELD AND THE KURDS.

The Ottoman Ambassador at Teheran having at length formally conceded Persia's right to maintain order, if necessary, by force among Turkish Kurds in Persian territory, the Shah issued an ultimatum to rebels on the 17th inst, demanding Miss Greenfield's surrender. In consequence of difficulties having, however, been raised by Ameer Nizam, governor of Azerbaijan, Persian troops at Soujbolak have not yet taken any action to effect the girl's release.

## پێشنیازێك بۆ بەستنی مەجلیسێك کە میس گرینفیڵد قسەی خۆی بکات

ڕۆژنامەی بریتانیی (THE DAILY NEWS ) کە دووشەممەی لەبەرواری ٢٧ی جوڵای ١٨٩١دا،چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەهەواڵێکدا دەڵێت کە بەرپرسی کاروباری بریتانیی پێشنیازیکی کردووە کە پێویستە میس گرنفیڵد لە مەجلیسێکدا کە بەرپرسانی بریتانی و تورکیی و عوسمانی تیدا ئامادەبن، قسەکانی وەربگیرێت و پرسیاری لێ بکرێت و لەشوێنێکیشدا کە خۆی هەڵیبژێرێت، سەبارەت بەو ڕاگەیاندنەی کە لەبارەی موسوڵمانبوونی هەیەو هەروەها ئایا خۆبەخشانە دوای کوردان کەوتووە بۆ کۆنسوڵخانەی تورکیی. سەرای حکومەت لەسابڵاغ بە کوردانی عوسمانیی دەورەدراوە، ئەوانەی کە شڵەژانێکی گەورەن و تەگەرەن بۆ ئاسایش شارەکە. لەوەدەچێت کە بەرپرسانی ئێرانیی خۆیان لەدەرکردنی ئەو چەکدارانە بەدووربگرن.


(THROUGH REUTER'S AGENCY.)

TEHERAN, July 25.

The British Chargé d'Affaires proposes that Miss Greenfield should be interrogated by a committee of British, Turkish, and Persian officials, at a place chosen by herself, regarding the statement that she had become a convert to Islamism and had voluntarily accompanied the Kurds to the Turkish Consulate. The Governor's house at So-uj-Bolak is surrounded by Ottoman Kurds, who are committing great excesses, and render the town unsafe. The Persian authorities appear to be reluctant to expel the rebels.

ATTEMPT ON THE LIVES OF FRENCH MINISTERS



## هەواڵی ئازادبوونی میس کاتی گرینفیڵد

پاش ئەوەی چەکدارانی کورد لە سابڵاغ میس گرینفیڵدیان لەماڵی مەلا عەبدوڵا هینایەدەرو بردیانە کۆنسوڵخانەی تورکیی عوسمانیی و تۆماسئەفەندی و بەهجەت بێگیان ڕاونا بەرەو و بنکەی فەرماندار، هەوڵەکانی ئێرانیی و بریتانیی و عوسمانیی چڕبوونەوە تاکو میس گرنفیلد لەو کۆنوسڵخانەیە بیینە دەرو لە مەجلیسێکدا ئازادانە قسەی خۆی بکات.

.ڕۆژنامەی بریتانیی (THE ABERDEEN JOURNAL) کە لەڕۆژی شەممەی بەرواری ٢٥ی جولای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەبەشی خوارەوەی لای چەپی لاپەڕە چواردا، لەد وو دێڕدا، هەواڵی هاتنە دەرەوەی میس کاتی گیرنفیڵدی ڕاگەیاندووە و دەڵێت:" کاتی گرینفیڵد کە لەلایەن کوردانەوە لە سابڵاغ گیرابوو، ئەمێستا ئازادە. "


Katy Greenfield, who has been kept under ptivity by the Kurds at So-uj-Bolak, is now at berty.

## ڕۆڵی سلێمانی لە چارەسەری کەیسەکەی میس گرینفیڵددا

ئاشکرایە کەیسەکەی میس گرینفیڵد (کچە ئینگلیزەکە یاخود کچە هەرمەنی)، لەسەرەتای مانگی مایۆی ١٨٩١دا، تا ناوەراستی هاوینی ئەوساڵە تا دەهات ئاڵۆزترو روو لە بنبەست دەچوو، بەتایبەت پاش ئەوەی کە بەرپرسانی بریتانیی لە ئێران جەختیان لەسەر گەڕانەوەی کچەکە بۆ تەبریز دەکردەوەو سەرجەمی مەسەلەکەیان بە کەیسی فڕاندنی کچێکی ئینگلیزی هەرزەکاری ١٤ ساڵە، لەلایەن کوردانەوە پێشاندەدا، کە ئیویستە بگەڕێنرێتە بۆ لای دایکی و فڕێنەرانیشی بەتوندترین شێوە سزا بدرێن. لەو بوارەشدا رۆژنامەکانی بریتانیی ببوونە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە و هەروەها تەواوی رۆژنامەوانی وڵاتانی ئەوروپیش ( هۆڵەندی و فەرەنسی و ئەڵمانی) هەمان بالۆرەیان لەرۆژنامە بریتانییەکانەوە وەردەگرت و بڵاویان دەکردەوە.

لەلایەکی ترەوە، حکومەتی ئێرانیش لەدۆخیکی ئاڵۆزدا بوو، چونکە رای گشتیی ئێرانیی لەم قۆناغەدا بەهۆکاری جیاواز، بەتایبەت دەستیوەردان و بەدەستهینانی جیاوگی ئابووری لە دەسەڵاتەکەی ناسڕەدین شا لەلایەن بریتانییەکانەوە، دژی ئینگلیزەکان بوون. لەلایەکی تریشەوە کوردانی سابڵاغ و ناوچەکانی تری ئێران کە سونە بوون، کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بانگەشەی ئیسلامگەرایی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم و پێش دەیەیەکیش راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵا لەو ناوچانە قەوما بوو کە بە زەحمەتیکی زۆر لەلایەن ئێرانییەکانەوە سەرکوتکرابوو، ئەوەی کە دۆخی کوردانی موکریانی بە هەستیاریی دەهێشتەوە.هەموو ئەمانە لەکاتی قەومانی رووداوەکەی میس گرینفیڵدا دەبوو حیسابی تایبەتی بۆ بکرایەو دەوڵەتی عوسمانییش کە بەشێك لە رەعیتە کوردەکانی تیکەڵ بەمەسەلەکە ببوون و کچەکەیان بردبووە کۆنسولخانەی تورکیای عوسمانیی، نەیدەویست لەو ساتەدا بەهۆی رووداوێکی واوە لەگەڵ بریتانیا و ئێرانی دراوسێی بکەوێتە بەرامبەر، ئامۆژگارو فەرمانی بە کوردانی چەکدار کرد



وازبێنن، بەڵام ئەوان تەنانەت داواکاری عوسمانیشیان رەتکردەو ئامادە نەبوون کچە رادەستی دەسەلاتدارانی ئێرانیی بکەنەوە. ئەوەش تا دەهات چارەسەری کەیسەکەی میس گرانفیڵدی ئاڵۆزتردەکرد .

لەم نێوەدا، سەیر نییە کە ئەشرافەکانی شاری سلێمانی رۆڵێکی ئەرێنیی و هێورکەرەو چارەسەرکار لەو کەیسەدا بگێڕن، بەتایبەت ئەو کات بەهۆی پەرەسەندنی بازرگانیی لەنێوان هەردوو بەشی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان، سلێمانی، بەدەر لەشارەکانی دیکەی باشووری کوردستان، تیکەڵاویی و چالاکییەکی زیندووی ئابووری و کۆمەڵایەتیی تایبەتی لەگەڵ ئێران و شارەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتداهەبوو. وادیارە عوسمانییەکان زیرەکان هەستیان بەم پەیوەندییە کردبێت و ویستبێتیان لەرێگەی ئەشرافەکانی سلێمانی و پەیوەندییان بە کوردانی سابڵاغەوە ئاوێك بەم ئاگرەدا بکەن!!

رۆژنامەی بریتانیی (SOUTH WALES DAILY NEWS) کە لەرۆژی دوو شەمەی بەرواری ٢٧ی جوڵای ١٨٩١دا، چاپ و بلاوکراوەتەوە، بەپشتبەستن بە تەلەگرافێکی رۆیتەر، هەواڵێکی بەناونیشانی :" بەردانی میس گرینفیڵد" بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت : دواجار بە دەستیوەردانی هەندێك لە ئەشرافەکانی سلێمانی، میس کاتی گرینفیڵد بەسەلامەتی لە کۆنسوڵخانەی تورکییەوە لە سابڵاغ گواسترایەوە بۆ ماڵی فەرماندار. بەرپرسی کاروباری بریتانیی پێشنیاری ئەوەیکردووە کە پێویستە قسەی میس گرینفیڵد وەربگیرێت لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەرپرسانی فەرمیی بریتانیی ، تورکیی و ئێرانی تیدا ئامادەبن و شوێنەکەش کچەکە خۆی دیاریی بکات، سەبارەت بەوەی کە دەوترێ لەبارەی موسوڵمانبوونی و هەروەها ئەوەی کە بۆخۆی بەویستی خۆی دوای کوردان کەوتبێت بۆ کۆنسوڵخانەی تورکیی . ئەمێستا ماڵی فەرماندار لە سابڵاغ بەکوردانی عوسمانیی دەورە دراوە"...



Germans in France should be treated as the French had been treated by the Germans in Alsace-Lorraine since 1888.

THE RELEASE OF MISS GREENFIELD.

[REUTER'S TELEGRAM.]

TEHERAN, Saturday.

In consequence of the intervention of some notables from Suleimania, Miss Kate Greenfield was safely removed from the Turkish Consulate at So-uj-Bolak to the Governor's house. The British Chargé d'Affaires proposes that Miss Greenfield should be interrogated by a committee of British, Turkish, and Persian officials at a place chosen by herself, regarding the statement that she had become a convert to Islamism, and had voluntarily accompanied the Kurds to the Turkish Consulate. The Governor's house at So-uj-Bolak is surrounded by Ottoman Kurds, who are committing great excesses, and rendering the town unsafe. The Persian authorities appear to be reluctant to expel the rebels.



## رەنگدانەوەی کەیسەکەی میس گرینفیڵد لە رۆژنامە ئەروپییەکاندا

وادیارە، هەواڵی "فڕاندنی میس کاتی گرینفیڵد لەلایەن کوردانەوە" و پاشهاتەکانی دواتری بەتەنیا جێگای بایەخ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە ئەمەریکیی و بریتانییەکان نەبووبێت و رۆژنامە ئەوروپییەکانیش لەهاوینی ساڵی ١٨٩١دا، عەوداڵی بڵاوکردنەوەو بەدواداچوونی هەواڵی کەیسەکەی ئەم کچە ئینگلیزە بوون و وردەکارییەکانی پەرەسەندنیان لە رۆژنامەکانیاندا بۆ رای گشتیی بڵاودەکردەوە، لەو بوارەشدا هەندێکجار پشتیان بە رۆژنامە ئینگلیزییەکان دەبەست وەك سەرچاوەی هەواڵ، بەتایبەتی رۆژنامەی "THE DAILY NEWS".

لەم رووە، رۆژنامەی هۆڵەندی ( **Het nieuws van den dag : kleine courant**) کە لەبەرواری ٤ی جوڵای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، باسی لەوە کردووە کە کوردانی سابڵاغ رۆژی هەینی هێرشیان کردۆتە سەر کۆنسوڵخانەی تورکیی و پاش ئەوەی تۆماس ئەفەندی، داوای رادەستکردنەوەی کچە ئینگلیزەکەی کردووە، کوردان ویستویانە بیکوژن. ئنجا بەهجەت ئەفەندی بۆ رزگارکردنی گیانی تۆماس خۆی گەیاندۆتە سابڵاغ، بەڵام کوردان ئەویشیان لەگەڵ تۆماس ئەفەندی راوناوەو ناچار هەردووکیان رایانکردۆتە لای کاربەردەستانی ئێرانیی تا بیانپارێزن.

هەروەها، رۆژنامەی ئەڵمانیی (Berliner Börsenzeitung ) کە لەبەرواری ٢٠ی جوڵای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەرە دوودا، هەواڵی ئازادکردنی میس گرنفیڵدی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە کە لەلایەن کوردانەوە لە سابڵاغ براوەتە کۆنسوڵخانەی تورکیی و وابڕیاریشە فڕێنەران بەسزای خۆیان بگەن. رۆژنامەکە، ئەم هەواڵەی لە دەیلی نیوزەوە وەرگرتووە پێش ئەوەی سەفیری ئینگلیزی لەبەرلین لەو هەفتەیەی دوایدا بگەرێتەوە.



[illegible] wordt gehoopt[illegible] te bevrijden.
Daar verscheidenen der roovers Turksche onderdanen zijn, tracht Perzië de toestemming der Porte te verkrijgen vóór men tot geweld overgaat. De Engelsche gezant te Constantinopel ondersteunt Perzië's verzoek.
Van andere zijde wordt bericht, dat de Kurden te So-Uj-Bolak Vrijdag een aanval hebben gedaan op het Turksche consulaat, met het doel den Engelschen consul, den Heer Thomas, te vermoorden, die daar gekomen was om te onderhandelen voor het bevrijden van het meisje. Behjet Effendi, de Turksche consul, heeft herhaaldelijk zijn leven gewaagd om den Heer Thomas te beschermen. Eindelijk zijn beiden in het Regeeringsgebouw moeten vluchten.

Familie-Berichten.
UIT ANDERE COURANTEN.



... „Daily News" melden aus Tauris vom 19. d. ... der Persischen Regierung wür... Truppen Miss Greenfield, welche in ... Kurden gefangen gehalten wird, ... Die Entführer würden bestraft werden.
[illegible], 19. Juli. (C. T. C.) Wie die „Perseveranza" meldet, sollen in dem morgen stattfindenden Ministerrathe die genauen Instructionen festgestellt werden, welche den Bevollmächtigten ertheilt werden sollen, die sich zu den Handelsvertragsverhandlungen nach Bern begeben. In denselben soll, wie das Blatt wissen will, von irgend welchen Rücksichten gegen Frankreich vollständig Abstand genommen werden, da man in Regierungskreisen ein handelspolitisches Abkommen mit diesem Staate gegenwärtig für vollständig ausgeschlossen halte.
Cetinje, 20. Juli. (C. T. C.) Reguläre Türkische Soldaten schossen auf ein im Hafen von Scutari befindliches Montenegrinisches Schiff, das von drei Kugeln getroffen wurde. Die Regierung hat das Verlangen nach Genugthuung und dem Berliner Vertrage entsprechender Sicherstellung der freien Schifffahrt gestellt.



هـەروەهـا، رۆژنامـەی هۆڵـەنـدی(Leeuwarder courant) کـە لەبەرواری ٣١ی جوڵای ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، باسی لەوە کردووە کە ئەو کچە ئینگلیزەی بەناوی میس گرینفیڵد لـەسابڵاغ چۆتـە سەر ئاینی موحەمەدی، لـە جـەلسـەیەکدا کـە ٣ کـاتژمێری خایاندووەو بەئامادەبوونی جێگری کۆنسوڵی ئینگلیزیی رایگەیاندووە کە بەویستی خۆی ئاینەکەی گۆڕیوەو خۆی دوای کوردان کـەوتـووەو کـەس زۆری لی نەکردووە. هەروەها وتویەتی: من عـەزیزم خۆشدەوێ و بوومـەتـە موسوڵمان.

رۆژنامـەی فـەرەنسیی (Le Matin/ سپێدە) کـە لـە ٢٩ی جوڵایـدا، چاپ و بڵاوکـراوەتـەوە، هـەواڵـی قسەوەرگرتنـەکـەی میس گرینفیڵدی راگواسـتووەو باسـی لـەوە کـردووە کـە ئـەو کـەیـسە بۆتـەهـۆی نارائارمییەکی زۆر لەشاری سابڵاغ و لێکۆڵینەوەی فەرمیی بۆ کراوەو لە حزوری جێگری کۆنسول و دایکی کچەکەو فـەرمانـدەی سـەربـازیی ئێرانییدا، کچـەکـە وتیویـەتـی: کـە مـن دوای مێردی خـۆم کـەوتـووم و بـەویـستی خـۆم وازم لـە ئاینـەکـەم هێنـاوەو ئامـادەش نـیم بچمـەوە بـۆ تەبرێز.



Heilig Ver-
hen ook den
I bezorgd en
id hebben de
de Turksche
Nicolaas I
aangesloten
II heeft het
Als morgen
Duitschland
eleefde „beste

paard dan bij
echte, vindt
geland toch

te Osborne

ring te So-uy-Bolak ingesteld aangaande den overgang van miss Greenfield tot den Mahomedaanschen godsdienst, heeft drie uren geduurd in tegenwoordigheid van den Engelschen vice-consul. De gevangene verklaarde zich vrijwillig te hebben bekeerd en uit vrije beweging haren man te zijn gevolgd. Volgens de *Daily News* had zij gezegd: „Ik bemin Aziz en ben Muzelmane."

Ter opheldering diene, dat het door een Koerdischen Don Juan ontvoerde Engelsche meisje te So-uy-Bolak aan de Perzische autoriteiten werd uitgeleverd, op last van den sultan, die den shah tegen de oproerige Turksche en Koerdische grensstammen steeds gaarne hulp verleent. De veronderstelling van den *Standard*, dat de jonge dame hare moeder



## لەفڕاندنەوە بۆ چیرۆكێكی رۆمانسیی

رۆژنامەی ئەمەریکیی (THE LEADER) کە لەرۆژی شەممەی بەرواری ۱ی ئوتی ۱۸۹۱دا، چاپ و بڵاوكراوەتەوە، هەواڵێكی بە ناونیشانی " چیرۆكێكی رۆمانسی" بڵاوكردۆتەوە، كە دەڵێت : پەرەسەندنیكی رۆمانسیی سەبارەت بە كەیسی میس گرینفیڵد روویداوە، ئەوەی وەك كریستیانییەك وەسفكراوەو گوایە لەلایەن كوردانەوە فڕێنراوە.

وەك بەشێك لەو هەوڵی خێرای نوینەرایەتیی كەلەلایەن كۆنسوڵی بریتانییاوە لەتەبرێزەوە دراوە، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی دواییان، داوایانكردووە كە پێویستە دەست لەكچەكە هەڵبگیرێت و هێزیش نێردراوە بۆ جێبەجێكردنی ئەم فەرمانە. كوردان رەتیانكردۆتەوە مل بۆ ئەو فەرمانە كەچ بكەن و لەو سۆنگەیەوە كە كچەكە بۆتە موسوڵمان، بەلام لەژێر فشارێكی زۆردا ناچاربوون رادەستی بكەنەوە.

لە راگەیاندنێكی نوێدا، میس گرینفیڵد بەئامادەیی دایكی و كۆنسوڵی بریتانیی و شازادەی ئێران (ئەمیر نسرەتولدەولە/ س) نكۆڵیی لەوەكرد كە هیچ هێزێكی لەدژ بەكارهێنرابێت. ئەو وتی كە بەویستی خۆی شوی بە پیاوێكی موسوڵمان كردووەو بۆخۆشی خۆبەخشانە بۆتە موسوڵمان و ئەو مێردەكەی خۆی خۆش دەوێت كە دوایكەوتووە.

## A ROMANTIC STORY.

LONDON, 29TH JULY.

Romantic developments have taken place in connection with the case of "Miss" Greenfield, who, described as a Christian, was alleged to have been abducted by Kurds.

Owing to the urgent representations made by the British consul in Persia, the authorities of the latter country demanded that the girl should be given up, and sent an armed force to enforce the order.

The Kurds objected to comply with the order, on the ground that the girl was a Mahometan, but under great pressure she was delivered up.

It is now announced that "Miss" Greenfield has, in the presence of her mother, the British consul and a Persian Prince, denied that any force or intimidation had been used against her. She stated that she had married a Mahometan and had become a voluntary convert to the Mahometan faith, and as she loved her husband she had followed him.



## ئەو درامایەی کە بەناوی فڕاندنی میس کاتی گرینفیڵدەوە دەستپێکرد کۆتاییهات"

پاش ئەوەی رۆژنامە بریتانیی و ئەمریکییەکان بەو پەڕی تین و تاوەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە چوار مانگ ناوی کوردانیان کردبووە مانشێتی رۆژنامە جۆراوجۆرەکانیان و بەفڕاندن و دەمارگیریی و یاساشکێنیی و ملهوڕیی و ..هتد بۆ رای گشتیی وێنایان دەکردن و لەو پێناوەشدا رۆژنامە ئەوروپییەکانی دیکە بابەت و مانشێتەکانیان کۆپی دەکردن و بەزمانی فەرەنسیی و ئەڵمانیی و هۆڵەندیی بڵاویان دەکردەوە، دانپێدانانانەکەی میس گرینفیلد لە دوو جەلسەی تایبەت و گشتییدا لە سابڵاغی موکری (مەهاباد)، وەڵامێکی توندی دەمکوتکەری ئەو هەڵا میدیاییەی دایەوە، پاش ئەوەی بە ئاشکراو بەربەرچاوی هەمووان و نوێنەری وڵاتانی ئێران و عوسمانیی و بریتانیی و بەرپرس و کەسایەتییە ناسراوە خۆجێیەکاندا رایگەیاند کە کوردان بەهیچ جۆرێك ئەویان نەفڕاندووەو ئازاریان نەداوەو هەڕەشەشیان لێ نەکردووە، بەڵکو ئەوە خۆیەتی کە بەویست و حوسن و رەزای خۆی دوای عەزیزی کورد کەوتووەو حەزی لیکردووەو وەك هاوسەرێك هەڵیبژاردووەو ئاینەکەی خۆشی گۆڕیوەو بۆتە موسوڵمان و دەیەوێت وەك خێزانێك تا مردن پێکەوە بژین.

ئیدی لێرە بەدواوە رۆژنامە ئەوروپییەکان، بێئەوەی هیچ پۆزشێك بۆ ئەو تەشهیرە بەردەوامە بێننەوە کە لەماوەی چوار مانگدا لەم بارەیەوە بەکوردانیان دەکرد، کەوتنە پێشاندانی رووداوەکە وەك چیرۆکیکی رۆمانسی و لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ پەیوەندیی نیوان میس گرینفیڵد و عەزیزی کورد دەکردو جاروباریش پلاریان لەعەزیزی کورد دەگرت و هەوڵی ئەوەیان دەدا گومان لە شێوەو روخساری بکەن و عەیب و عاری لێ بدۆزنەوە.

رۆژنامەی ئەمەریکیی (Morning Bulletin Rockhampton) کە لەرۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ٥ی نۆڤەمبەری ١٨٩١دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" لەگەڵ کوردێك هەڵگیرا"

وردەكاریی دانپێدانانەكەی میس گرینفیڵدی كچە ئینگلیزمان لە دوو كۆبوونەوەدا بۆ دەگێڕێتەوە كە لەلایەن پەیامنێری كاتیی نیۆرك دەیلییەوە لەتەبرێز نێردراوە. بەگوێرەی رۆژنامەكە، لەكۆبوونەوەی یەكەمدا كە تایبەت بووەو تەنیا چەند كەسێكی كەمی وەك نەسرەتولدەولە و هەروەها میستەر پاتۆنی جێگری كۆنسوڵی بریتانیی و دایكی كچەكە (میسس ئێچ گرنفیڵد) و عەزیزیش ئامادەی بوون. كچەكە بە دەمی خۆی رایگەیاندووە كە ئەو عەزیزی خۆشویستووەو بۆتە موسوڵمان.

سەرەتا پاش ئەوەی كچەكە دایكی بینیوە هەردووكیان كەمێك گریاون و بە بێدەنگی دانیشتوون، دواتر كچەكە بێدەنگیی شكاندووەو وتویەتی: " دایە..دایە ئەوە تێپەڕی! ئەوەی روویدا نەدەبوو روونەدا!!" ئنجا كە بانگیان كرد دانینا بە خۆشەویستییەكەیدا بۆ عەزیزو موسوڵمانبوونی بە ویستی خۆی.

دواتر لە كۆبوونەوەی دووەمیشدا كە جگە لەوانەی پێشتر لە كۆبوونەوەی یەكەم ئامادەبوون، بەهجەت ئەفندی كۆنوسڵی گشتیی عوسمانی و هەروەها نوێنەری توركیی عوسمانی لە شاری سلیمانی و چەندین كەسایەتیی و بەرپرس و ئەشرافی كورد و ئێرانیی و هەروەها موفتی شارەكە ئامادەی بوون، كچەكە هەر هەمان قسەی پێشووی دووبارە كردۆتەوە، هەرچەندە پێش ئەوەی كۆبوونەوەكە بكرێت، دایكی دیسانەوە چاوی پێی كەوتووەو ویستوویەتی كاری تێبكات و پەشیمانی بكاتەوە، بەڵام كچەكە لەسەر قسەی پێشووتری سووربووە.

میستەر پاتۆنی جێگری كۆنسوڵی بریتانیی هەوڵیداوە گومان لەسەر پەیوەندییەكەی نێوان میس گرنفیڵد و عەزیز دروست بكات و وای پێشانبدات كە كچەكە هەڵخەڵەتێنراوەو یاری بە سۆزو ئاوەزی كراوە. لە رووەوە پرسیاری لە میس گرینفیلد كردووە كە لەكەیەوە عەزیزی ناسیوەو چەند كاتی لەگەڵدا بردۆتەسەر، ئەویش لەوەڵامدا وتویەتی كە هەر ئەو رۆژە ناسیوێتی كە لەگەڵی هەڵگیراوەو ماوەی قسەكردن و پیكەوەبوونیشیان تەنیا نیو كاتژمێر بووە و مەسەلەكە حەزلێكردن بووە لەیەكەم سەرنج و بینینەوە!!! ئەو وەڵامەی كە میستەر پاتۆنی كەلەیی



كردووە. گوایە ئەمە وەختێك دەبوو كە عەزیز لاوێكی قۆزو سەرنجڕاكێش بێت ، بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە كە عەزیز جگە لەوەی سیسەڵەیەكی كورتەبنەی ئاوڵاویی ناشرین و نەگریسە، گەمژەو حەپۆلێكی هیچ لەبارا نەهاتووشە!!(بەگوێرەی وێنەكە بێت تەواو پێچەوانەكەی راستەو عەزیز گەنجێكی زۆر جوانخاس و جوامێرو سەرنجڕاكێش بووە ) و هیچ ئەو تایبەتمەندێتییەی تێدا نییە كە كچێك بەو خێراییە شەیدا بكات!!

پاش ئەمە هەوڵدراوە، گومان بخرێتە سەر تەواوی مەسەلەكە و گوایە كوردان رێگربوون كە كریستیانییەكانی ئێران هەر لەسەرەتاوە تێكەڵ بە لێكۆلینەوە بن لە بابەتەكەداو كوردان لەتەوقی سەرەوە تاوەكو قولەپێ چەكداربوون و كەچەكەیان بردۆتە كۆنسوڵخانەی توركیی و هەڕەشەیان لە تۆماس ئەفەندی كردووەو هەوڵی كوشتنیان داوەو پاشتریش لەكاتی زیندانییكردنی كچەكە لەو كونسوڵخانەیە لەریگەی چەند ژنێكی كوردەوە یاریان بەعەقڵی كردووەو هەڕەشەیان لێكردووە."

دواجار پاش ئەوەی كچەكە لەهەردوو كۆبوونەوەكە بەدەمی خۆی رایگەیاند كە نەفڕێنراوەو بەویستی خۆی هەڵگیراوە، ئیدی نە كۆنسوڵخانەی بریتانیی و نە دایكی كچەش هیچ پاساوێكیان بۆ گێرانەوەی كچەكە( میس گرینفیڵد) و گازەندەو شكایەتكردن بەدەستەوە نەماوە.

بەهەر حاڵ، رۆژنامەكە هەر لەسەرەتاوە نووسیویەتی:" ئەو درامایەی كە بەناوی فڕاندنی میس كاتی گرینفیڵدەوە دەستیپێكرد كۆتاییهات".

شایەنی باسە، هەر لەبارەی عەزیزو عەیب و عار لێگرتنی، وەك ئەوەی ئوسترالییەكان خۆیان گەلیك قۆزبن، رۆژنامەیەكی ئوسترالیی بەناوی ( The Australian Star) كە لە رۆژی ٥ی نۆڤەمبەری ١٨٩١دا چاپ و بڵاوكراوەتەوە، بەشێكی ئەو بابەتی سەرەوەی بەناونێشانی :" عەزیز قۆز نییە" چاپ و بڵاوكردۆتەوە.

